# ئەرێ ڕێویەکە نەگیرا؟!

حەسەن سەیدباقی

لە ماوەی ڕابووردوودا هات و هاواری مارسیمیدیاکان، لەبارەی دەستگیرکردن و کوشتنی ڕێویە سوورەکە(باشترە بلێین، کەوڵە کۆن) بەرز بوویەوە.. ئەم دەنگوباسە شتێکی وەبیرهێنامەوە، گەڕاندمیەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، ئەوکات گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی ڕابوون، هەستانە سەرپێ، چوون بەگژ ڕژێمی دکتاتۆری خوێن و تاواندا!. ئا لەوساتەوەختانەدا، کەگەرمەی هەڵچوون و هێرش بردن بوو، بۆسەر مۆڵگەکانی سیخوڕو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی فاشی و تێکشکاندنی. هێرش بردن بوو بۆ پاکردنەوەی کەرکوکی کوردان لە دوژمنان و داگیرکەرانی! لەوانەی کە هێنرابوونە سەر زەوی و زاری خەڵکی ستەمدیدەی ئەم شارە خۆڕاگرە. شاری بلێسەو گڕو تینی خۆشەویستی.

جەماوەری گەل زۆر بەکەیف و شادومان بوون، شایی و خۆشیان بوو لەگەڵ هەر سەرکەوتن و هەواڵێکی نوێدا. لەناکاو لە بلندگۆکانەوە هەواڵ، هەواڵی نوێ هەواڵی گرتنی مەیموومەنەکە بەرزبوویەوە( مەیموونەکە "عیزەت دووری" گیراوە سەدام پشتی شکاوە)، هەموو خەڵك کەیف خۆشتربوو ئاهەنگەکانیان گەرمتر بوو، دەیان ویست مەیموونەکە ببینن کە گوایە خراوەتە نێو قەفەس. ئاپۆری خەڵکی دڕی دەدا بەرەو بنکەی ئاوات، لای مزگەوتی عەلی کەماڵ. هێندەی نەبرد مقۆ مقۆ لەنێو خەڵکیدا پەیدا بوو. نا نەگیراوە! درۆیە، ئەی کوا..تاد. لەپاشدا ئەو دروشمە بوویە سەرەخۆری ڕاپەڕین، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێویە سەرەخۆرە بوو.بەداخەوە، بوویە هۆی ئاوارەبوونی ملیۆنی خەڵکی، نائومێدی و ڕەشبینی جێگەی ئاوات و هیواکانی خەڵکی گرتەوە. بەڵام خۆشبەختانە ئەمە زۆری نەخایاند، خولی دووەمی ڕاپەڕین دەستی پێکردەوە، شارەکانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی جارێکی تر لە بەعسی فاشی و دام ودەزگاکانی و دەستوپێوەندەکانی بۆ هەتا هەتایی پاکرایەوە، کە بوویە هەوێنی ئەمڕۆی عێراق بەگشتی.

ئەم ئێستاش، ئەم هەواڵەم بیست، هەستم بۆ ئەو ڕووداوە گەڕایەوە کەباسمکرد. پێدەچێت هێزی هاوپەیمانان بەتایبەت ئەمریکیەکان ماندوو بوون، ڕوویان لەڕووخاندنی دەروونی بێت، پێدەچێت ئەم وولاتە بەوشێوە شێواوە، لەم بارودۆخە ناسکە جێبهێڵن، شەڕی ناوخۆ سەرویەخەی عێراقیەکان و کوردستان بگرێتەوە! بەتایبەت لەشاری زێڕی ڕەشدا، لەکەرکوکی کوردستاندا. هیوادارم وانەبێت، بەهەرحاڵ ئاواتەخوازم ڕۆڵی شۆڕشگێڕان و خەڵکی بەئەمەکی کوردستان و عێراق، ئەوانەی لەپێناوی ئازادی و سەرفرازیدا لە خەبات کردندان،درێژە بەخەبات و یەکگرتنی ڕیزەکانیان بدەن. تا کەلێن دروست نەبێت، تا دوژمنانی ئازادی و ژیان نەتوانن لەوکەلێنانەوە دەست بووەشێنن. بەم شێوەیە دەتوانرێت ببنە هێزێکی پۆلایین و بدەن لە هەر شێوازێکی تیرۆرو تۆقاندن.

وه کورد له کوردستان دەکرێت زیاتر یەکگرتوو، یەك هەڵوێست بن لەبەردەم مەسەلە چارەنووس سازەکاندا.بۆ ئەوەی شەمشەمە کوێرە نابووتەکان نەتوانن دەستی ڕەش و تاوان درێژ بکەن.پاراستنی هێمنی و ئارامی کوردستان ئەرکی هەر کوردێکی نوێخوازو مرۆ دۆستە. بەمەش خزمەتێکی گەورە بە کۆمەڵگا دەکرێت بۆ خۆپاراستن له تیرۆریستانی هاتوو وه هاوکارەکانی ناوخۆیان.

ئەڵمانیا

سێپتەمبەری 2004